## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بـــڕیـــار**

**ژمارە ( 1 ) ساڵی 2011**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە برگەی (1)ی ماددەی (10)ی ( یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق ) ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوە،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لەدانیشتنی ژمارە (23) لە 2010/12/30 بڕیارماندا بە دەرکردنی :

**یاسای ژمارە ( 17 )ی ساڵی 2010**

**یاسای پێشینەی هاوسەری لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم :** حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ،ساڵانە بڕە پارەیەك لەچوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێم تەرخان دەکات ، بۆ دابین کردنی پێشینەی هاوسەری بۆ ئەو هاووڵاتیانەی ئارەزوو دەکەن وەریبگرن .

**ماددەی دووەم :** پێشینەی هاوسەری بەگوێرەی ئەم بنەمایانە دەدرێت :

**یەکەم :** دەبێ ئەو کەسەی داوای پێشینە دەکات ،هاووڵاتیی هەرێمی کوردستان – عێراق بێت وتێیدا نیشتەجێ بێت .

**دووەم :** داواکاری پێشینە تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێت .

**سێیەم :** دەبێ گرێبەستی هاوسەریی لەلای دادگاکانی تایبەتمەندی هەرێم کردبێت .

**چوارەم :** نابێ سوودی لەپێشینەیەکی دیکەی هاوسەری وەرگرتبێت .

**پێنجەم :** ئەگەر فەرمانبەر بوو نابێ خاوەن پلەی تایبەت بێ .

**شەشەم :** ژن و پیاو بۆ مەبەستی مافی پێشینە بەیەك کەس دادەندرێن .

**ماددەی سێیەم :** ساڵانە پێشینەی هاوسەری بەو جۆرەی لەگەڵ هەلومەرجی ئابووریدا دەگونجێت ، لەبودجەی گشتیدا دیاری دەکرێت .

**ماددەی چوارەم :** هیچ سوودێکی یاسایی ناچێتە سەر پێشینەی خەرج کراو .

**ماددەی پێنجەم :** لەحاڵەتی مردنی داواکاری پێشینە بەر لەدانەوەی ، میراتگرەکانی لە بڕی پێشینە یان ئەوەی کەلێ ماوە دەبەخشرێت .

**ماددەی شەشەم :** لە حاڵەتی تەڵاق یان جیابونەوە یان بەتاڵ کردنی گرێبەستی هاوسەری لە نێوان ژن و مێرد ، پێشینەی خەرج کراو لە داواکارەکەی وەردەگیرێتەوە ، کە بە قەرزێکی نایاب دادەنرێت ، بەگوێرەی حوکمەکانی یاساکانی کار پێ کراو لە هەرێم سەبارەت بە وەرگرتنەوەی قەرزی حکومەت .

**ماددەی حەوتەم :** کەس مافی پێشینەی نییە بێجگە لەوانەی یەکەمین گرێبەستی هاوسەرییانە .

**ماددەی هەشتەم :** دەبێ وەزارەتی دارایی و ئابووری رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات

**ماددەی نۆیەم :** دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی دەیەم :** ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی ( وەقایعی کوردستان ) دا جێبەجێ دەکرێت .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**<u>هــــــەولــــێر</u> :-**

16/کانوونی دووەم/ 2011ی زایینی .
26/بـــەفـــرانـبـــار/2710ی کوردی .
11/ســــــەفـــــەر/1432ی کۆچی .

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

خێزان بناغەی کۆمەڵە ، گرفتی پێکهێنانی و هاوسەری لە هەلومەرجی ئیستادا بوونەتە کێشەیەکی بەرجەستە ، کە توێژێکی فراوانی لاوانی فەرمانبەر و هاوڵاتیانی کەم دەرامەت دەگرێتەوە ، لەبەر ئەوەی هەر هاووڵاتییەك مـافی هاوسـەری و پێکهێنانی خێزانی هەیە و ، لە پێناو سووک کردنی باری ئەم کێشەیە ، ئەم یاسایە دەچووێندرا .